# هەڵەبجەیی سەر نەوی ناکا، بەخێمەش ڕازین ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

وابزانم ئەمجارە نابێت بە زمانی گوڵ بدوێین و بنوسین،چونکە ئەوەندەمان ووت و ئەوەندە ووترا بە ڕاوار ناومان دەرکرد، ئەبێت توندبین ئەگەرچی تازە ئەعسابی سیاسیەکانمان لەوە ساردترە کە توڕەبن و وەڵامماں بدەنەوە و بەتوانجێك میزاجیان تێك بچێ و وابزانن شۆرش تێك چووە، ئیتر ئەوەندەش باسی حیکایەتی شاخ و سەرژمێری پێڵاوە لاستیکەکانیان ناکەن کە دراندویانە چونکە بەراستی پڕن لە روفاهیەت و پڕن لە ژیانی پادشایی، یەك کتێبیش نابینین جارێکی تر بۆنی یادەوەری پێشمەرگەی لێبێت، هەتا هەڵەبجەش برین وکەلاوە بێت ئەوان بەنەمری لەو لوتکەی چێژو مەتاع و غرورەدا ئەمێننەوە.

کێشەی هەڵەبجە هەر بەتەنها ئەوەنەبوو کە پڕکرابوو لە گەرای توندرەوانەی ئیسلامگەرا هەر ئەم بەم بیانوەش بوو حیزبی کوردی ئەوسالانە بیانوەکانی ریز ئەکرد کە ناتوانێت وەکو پێویست هەڵەبجە بکاتە سلێمانی وکۆیەومەسیف، ئەدی ئێستا چی ئەڵێن کە یەکێتی و پارتی دەنگی زۆرینەی هێنا لە هەڵەبجە ؟ خانوەکانی هەڵەبجە کە سادەترین پرۆژەیەو بریاری دروستکردنی دراوە کەچی بێدەنگ و خامۆشن وەکو شەوە سورەکان و لەحزەی هەڵمژینی شیلەی هەنگەکان، یان کاتێ ئەمریکیەکان رێگریی پرۆژەیەکی ئاو یان مەبلەغێك پارە بۆ ئاوەدانی هەڵەبجە ئەکەن بۆ کەس ناڵێت بۆ؟ ئەم عەنتەریات و عەسکەرتاریەتە تاکەی؟

باعیسی ئەم گوێ پێنەدانە بە بۆچوونی من ئەوەیە کەهەڵەبجە بێکەسە بەمانای بێکەسیی،حەقە لەمەودوا لە جیاتی هەڵەبجەی شەهید پێی بوترێت هەڵەبجەی بێکەس؟! ئاخر هەڵەبجەییەك لەناو یەکێتی وپارتیدا نیەو شك نابرێت پلەکەی گەشتبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی تا دەنگی بەرز بکاتەوەو وەك شێر هاوار بکات بۆ خەڵکی هەڵەبجە و فایلی تۆزلێنیشتوی هەڵەبجە ئەگەر هەبێت لە مەکتەب سیاسیەکان و لەژورەکانی عومەر فەتاح و نێچیروان بارزانی دەر بکات و بریاری حەسمکردنی مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بدات و چیتر خەڵکی دەڤەرەکە لەو ئازارو لەو بێ ئومێدیەدا نەمێننەوە، درۆیەکی گەورەیە باس لە نوێنەری هەڵەبجە بکەین، لە یادی کارەساتی هەڵەبجەدا هەمووی نوێنەری راستەقینەیەو شۆرش لە هەڵەبجە چەخماخەیداو لەکاتە ئاساییەکانیشدا 400 خانووی قوڕی سواڵکەرانەمان لێ ئەکەنە دەستەخوشکی ڤێلاکانی پاڵ پارکی ئازادی سلێمانی و بۆ 400 مانگ دوا ئەخرێت و کەسێك بەرپرسێك نییە دەنگ بەرز بکاتەوەو لە سۆراخی بپرسێت و هەموشیان خۆیان بەنوێنەری دەرجە یەکی بارزانی وتالەبانی ئەزانن؟! ئامادەن بە دەیان حیمایە وسەیارەی راقیەوە فڕکان فڕکانیان بێت بەناو کەلاوەکانی هەڵەبجەداو پەیتا پەیتا وەفدە ئەجنەبی و سیاسیە بێڕەحمەکانی وولاتان کە دوێنێ ووڕوکاس بوون لە ئاستی کارەساتی هەڵەبجەدا بانگهێشت بکەنە هەڵەبجە کە بە گوڵە نایلۆنێك بۆ سەر مەزارەکە هەڵەبجە تێر ئەکەن و تا جادەی قیری مینۆمێنتەکە ئەیانهێنن و بەبێدەنگی ئەیانبەنەوە بۆ شارە حەیاتەکان و لەوێ ئیمزای دەیان پرۆژەی گەورەیان پێئەکەن بەدوور لە نیگای هەڵەبجەییەکان، ئاخر لەمە کارەساتتر ئەبێت چی بێت ئایا باشتر وانیە خەڵکی هەڵەبجە ئیحساسەکانیان یەکخەن و پێشوازی لە بچوکترین بەرپرس نەکەن ؟ چونکە ئیتر عەیب و شورەییە خەڵك بپارێتەوە لە مەسئولێك کە هیچی بەدەست نییە بۆ خانوویەك؟ شورەییە ستایشکردنی ئەمریکی و ئەجنەبیەکان؟ باشتر وایە مەمنون نەبین و جارێکی تر ئەگەر هەڵەبجەیی بین دەنگ نادەین، قەیچێکا خەیمە هەڵدەین بڵێین چی ئەمە قەدەری هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکانە. ئەی وەتەن مەفتونی تۆ نیم چونکە زۆرن ئەوانەی کە نایەڵن شێوەتم بیرکەوێتەوە !!

* بۆ ئاگاداری خوێنەر هەمان ووتار لە گۆشەی شەکری تاڵی رۆژنامەی هەواڵ ژمارە 133 لە ناوخۆی کوردستان بڵاو بۆتەوە لەگەڵ رێزم..